# لە شاری هەولێر حەوتەمین پێشانگای نێودەوڵەتی زانکۆکان کرایەوە



لە شاری هەولێر حەوتەمین پێشانگای نێودەوڵەتی زانکۆکان کرایەوە.

لەپێناو ئەوەی هەڵی کاری زیاتر بە قوتابیانی دەرچووی زانکۆ پەیمانگاکان ببەخشرێت و لە ناوخۆو دەرەوەی وڵات بەردەوامی، حەوتەمین پێشانگای نێودەوڵەتی زانکۆکان لە هەولێر کرایەوە. ئەمڕۆ شەممە، حەوتەمین زنجیرە پێشانگای نێودەوڵەتی زانکۆکان کرایەوە کە تایبەتە بە فەراهەم کردنی هەلی کار و دابینکردنی کورسی خوێندن بۆ قوتابیان لە ناوەوو دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

لەدوای هەولێری پایتەخت بیارێ ئەم پێشەنگایە لە چەند شارێکی دیکەی کوردستان دەکرێتەوە, بۆ ئەوەی قوتابیان لە نزیکەوە سەردانی ئەم زانکۆیانە بکەن و ئاگاداری چێنیەتی وەرگرتن بن، هەروەها زانیاری وەربگرن لەسەر چێنیەتی پێکردنەوەی فەرمەکانی زانکۆلاین بۆ وەرگرتنی قوتابییان لە زانکۆکانی هەرێم. لە پێشانگاکەدا چەندین زانکۆی بەریتانی و تورکیا، ئێران، ماڵیزیا، کەنەدا، ئەڵمانیا، ئوردن، هەرێمی کوردستان و هیندستان

به‌شدار بوون.